# کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر میدیای بینراو لە گواستنەوەی هەواڵدا کەناڵی تەلەفزیۆنی ڕوداو بەنموونە

کارمەند عەباس هۆمەر[1] - حکیم عثمان حمید[2]

[1]بەشی ڕاگەیاندن، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

[2]بەشی تەکنیکی میدیا، کۆلێژی تەکنیکی کارگێڕی، زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی، سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق.

## پوختە:

لەم توێژینەوەیەدا هەوڵدراوە ئەو ئامانجانەی تا چەند تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی لەسەر کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان دروستدەکەن لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریدا بخاتەڕو، لەگەڵ زانینی سروشتی پەیوەندیی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای بینراو. ئەم توێژینەوەیە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگی خۆی هەیە، بەرچاوڕونی دەداتە کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان کە لەکاتی بەکارهێنانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا بزانن چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەن و ڕێگا و شێوازی زانستی گونجاو بگرنەبەر بۆ گەشەکردن و دروستکرنی کاریگەریی لەکاتی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکانیان بۆ وەرگر. جۆری توێژینەوەکە وەسفیە و میتۆدی ڕوپێوی بەکارهێنراوە، بۆ بەرجەستەبونی ئامانجە کردەییەکانی توێژینەوەکەش پشت بە ئامرازی (ڕاپرسی) بەستراوە. کۆمەڵگای ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکانی هەرێمی کوردستان، سامپڵ(مشتە)ی توێژینەوەکەش بریتییە لە گەمارۆی گشتگیر (حصـر الشـامل) کە بریتییە لە سەرجەم ڕۆژنامەنوسانی بەشدار لە پرۆسەی ئامادەکردن و بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵی ئاسمانی ڕوداو. لە گرینگترین ئەو دەرئەنجامانەی، کە توێژەر پێیگەیشتوە ئەوەیە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریان هەیە لە سەر میدیای بینراو لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی هەواڵ و شێوازی کاریگەرییەکەش ڕاستەخۆیە، کاریگەریی مەعریفی و سۆزداری و ڕەفتاری لەسەر نێرەرانی میدیای بینراو دروستکردوە. لەهەمانکاتدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە سەرچاوەیەکی گرنگی دەستکەوتنی هەواڵ و زانیاری بۆ کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە هۆکارێک بۆ گەشەکردنی زیاتری کەناڵی تەلەفزیۆنی و وایکردوە تەلەفزیۆن خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت و نەبێتە هۆکارێک بۆ لاوازبونی، بەتایبەت لە گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ وەرگر.

**کلیلە وشەکان:** کاریگەریی، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، میدیای بنیراو (تەلەفزیۆن)، هەواڵ، کەناڵی ڕوداو.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

**Article Info:**
**DOI: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4**
**Received: 05-Jun-2022**
**Accepted: 25-July-2022**
**Published: 29-June-2023**
**Corresponding Author's E-mail:**
karmandabbas@yahoo.com
hakim.othman@spu.edu.iq
This work is licensed under CC-BY-NC-ND 4.0
**Copyright**©2023 Journal of University of Raparin.

## پێشەكی:

لەم ساڵانەی دواییدا تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەشێوەیەكی خێرا گەشەیانكردوە و بونەتە سەرچاوەیەكی گرنگی ئاڵوگۆڕی زانیاری، بە جۆرێک كە كاریگەرییەكەیان وایكردوە كە ناوەكەی خۆی تێپەڕێنێت و چیتر لە بواری كۆمەڵایەتییدا نەمێنێتەوە بەڵكو لە تەواوی بوارەكانی ژیان ڕۆڵ دەگێڕێت و بوەتە سەرچاوەیەكی گرنگی كاریگەر لە بوارەكانی كۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوری، بازرگانی و تەواوی بوارەكانیتر، هاوكات تێكەڵ بوە لەگەڵ ئامرازە كلاسیكیەكانی میدیا و كارلێكی لەگەڵدا كردون، هەروەها بۆتە هۆكارێک بۆ لاوازكردن و داخستنی هەندێک لە دامەزراوە میدیاییەكان بەتایبەت ڕۆژنامەی چاپكراو، لە سۆنگەی ئەم گەشەكردنە خێرایەی میدیای نوێ، و بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەڕێژەیەكی زۆر لەلایەن وەرگرەكانەوە وایكردوە كە دەزگاكانی ڕاگەیاندنی كلاسیكی لە هەرێمی كوردستان پەنا بۆ بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان ببەن لە پێناو دروستكردنی زۆرترین كاریگەریی و گەیاندنی هەواڵ و زانیارییەكان بە وەرگر.

لە سەردەمی هاتنەئارای تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و گەشەكردنیان، هاوكێشەی گەیاندن گۆڕانكاریی گەورەی بەخۆیەوەبینی، بەجۆرێک كە فیدباكی وەرگر گۆڕانكاریی بەسەرداهات و بو بە بەشێوەیەكی ڕاستەوخۆیە، لەكاتێكدا لە میدیای بینراو فیدباک ناڕاستەوخۆ بو، لەدوای ئەم پێشهاتە نوێیەوە كەناڵی تەلەفزیۆنی وەک یەكێک لە دامەزراوە میدیاییە كاریگەرەكان پەنای بردۆتە بەر بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، نێرەرانی كەناڵە تەلەفزیۆنییەكانیش لەڕێگەی كردنەوەی چەندین پەیج و سەكۆی جیاواز لە پلاتفۆرمەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان پەیام و زانیارییەكانیان بە فۆرم و ناوەرۆكی جیاوازەوە دەگەیەنن بە وەرگر.

ئەم لێرەوە پێویستە لەڕێگەی ئەنجامدانی توێژینەوە و بەڕێگە و شێوازی زانستی گونجاو كاریگەریی و لێكەوتەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بخرێتەڕو بە دیاریكراویش لەم توێژینەوەیەدا تەركیز دەخرێتە سەر ڕادەی ئەو كاریگەرییە لەسەر میدیای بینراو لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریدا، هەروەها سروشتی ئەو پەیوەندییەی كە لە نێوانیاندا هەیە دیاریبكرێت و بەرچاوڕونی زانستی بخرێتەڕو بۆ كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان كە چۆن بتوانن بەشێوازی زانستی گونجاو مامەڵە لەگەڵ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بكەن و بزانن كە چ كاریگەرییەكی لەسەر بەجێهێشتون.

### ١-١ : كێشەی توێژینەوە:

كێشــەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لەو ناڕونی و نادیارییەی كە لە كاریگەریی تۆڕە كۆمەڵاتییەكاندا هەیە لەســەر میدیا بینراو (تەلەفزیۆن) لە گواســتنەوەی هەواڵ و زانیاریدا، كە لەبەرئەنجامی گەشــەی تەكنەلۆژیا و كارلێكی خێرای نێوان میدیای نوێ و میدیای كلاسیكیدا هاتۆتە ئاراوە لە پرۆسەی كۆمۆنیكەیشندا.

بۆ ڕونكاری زیاتر لەبارەی كێشــەی ئەم توێژینەوە چەند پرســیارێک دەخەینەڕو كە بە پێویســتی دەزانین لە ڕێگەیانەوە بۆ گەیشتن بە چارەسەرەكان ئەوانیش:-

١. ئایا تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كاریگەریان لە ســـەر كەناڵە تەلەفیزۆنییەكان هەیە لە گواســـتنەوەی هەواڵدا لە ڕوی (زانین و ڕەفتاریی و ســـۆزدارییەوە) و ڕادەی ئەو كاریگەرییە و شـــێوازی ئەو كارتێكردنە چۆنە لەسەر میدیای بینراودا؟

٢. ئایا تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان هەڕەشـــەن بۆ ســـەر ئایندەی كاركردنی تەلەفزیۆن و بۆتە جێگرەوەی كەناڵە ئاسمانییەكان لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریدا؟

٣. ســـروشـــتی ئەو پەیوەندییە چییە كە لە نێوان تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و میدیای بینراودا هەیە و كامیان كاریگەری وهەژمونی بەسەر ئەویتردا هەیە؟

٤. ئایا نێرەرانی میدیای بینراو لە گواستنەوەی هەواڵەكاندا ڕەچاوی گەشـەی تەكنەلۆژیایان كردوە و پشـتیان بە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەستوە؟

٥. ئایا تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بونەتە ڕەگەزێكی بەشـدار لە پرۆســەی ئامادەكردن و بەرهەمهێنانی هەواڵدا و كاریگەریی لەسەر بەهاكانی هەواڵ دروستكردوە؟

### ٢-١ : بایەخی توێژینەوە:

گرنگیی توێژینەوەكە لە گرنگی خودی بابەتی توێژینەوەكەوە ســـەریهەڵداوە كە تەرخانكراوە بۆ باســـكردنی بابەتێكی هەسـتیار و پەیوەندیدار بەژیانی خەڵكەوە. گرنگی و بایەخی ئەم توێژینەوەیە بۆ كۆمەڵ بۆ ئەوەیە كە هـاووڵاتییـان بزانن ئەو هەواڵ و زانیـارییـانەی لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكـانەوە وەریـدەگرن یـان كەنـاڵە تەلەفزیۆنییەكان كامیان كاریگەرترن، لەڕوی بایەخی زانســتیشــەوە دەرخســتنی ئەو لایەنەیە كە لە پەیوەندی نێوان میدیای نوێ (تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان) و (كەناڵی تەلەفیزیۆن) هەیە لە گواســـتنەوەی هەواڵدا بۆ ئەوەی شـــێوازی گونجاو و ڕێگا و بنەمای زانســـتی ڕەچاوبكرێت. توێژینەوەكە ســـودی دەبێت بۆ پســـپۆڕان و خوێندكارانی بەشــەكانی ڕاگەیاندن لە زانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێمی كوردسـتان، جگە لەوەش ئەم توێژینەوەیە بایەخی خۆی هەیە بۆ ڕۆژنامەنوســـان و دامەزراوە میدیاییەكان بە مەبەســـتی پێداچونەوە بە شـــێوازی كاركردنیان.

### ٣-١ : ئامانجی توێژینەوە:

١. زانینی ئاستی كاریگەریی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە سەر كەناڵە تەلەفزۆنییەكان لە گواستنەوەی هەواڵدا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

٢. خستنەڕوی ڕادەی كاریگەریی و شێوازی كارتێكردنی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەسەر میدیای بینراو.

٣. زانینی سروشتی پەیوەندیی نێوان تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان و میدیای بینراو و خستنەڕوی كاریگەری و هەژمونییان لەسەر یەكتر.

٤. خستنەڕوی ڕادەی پشتبەستنی نێرەرانی میدیای بینراو بە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە گواستنەوەی هەواڵدا.

٥. ئاشكراكردنی ڕادەی بەشداری تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە پرۆسەی ئامادەكردنی هەواڵ و دروستكردنی كاریگەریی لەسەر بەهاكانی هەواڵ.

**١-٤ : كۆمەڵگە و مشتەی توێژینەوە (سامپڵ):**

كۆمەڵی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە كەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەكانی هەرێمی كوردستان، مشتەی توێژینەوەكەش بریتییە لە سامپڵی مەبەستدار (عينة قصدية- non-probalitiy) كە بریتییە لە كارمەندانی بەشدار لە پرۆسەی ئامادەكردن و بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەكان لە كەناڵی ئاسمانی ڕوداو كە ژمارەیان (٨٠) كارمەندە.

**١-٥: جۆر و ئامرازەكانی توێژینەوە:**

ئەم توێژینەوەیە، توێژینەوەیەكی (وەسفی)یە، واتە لەو توێژینەوانەیە كە ئەو فاكت و زانیارییانە دەخاتەڕو و هەڵیاندەسەنگێنێت كە پەیوەستن بە سروشتی دیاردە و هەڵوێست و ڕاوبۆچون و ڕوداو و بارودۆخەكانەوە. بۆ بەدەستهێنان و ڕونكردنەوەی زانیاری و فاكتەكان، سەبارەت بە بابەتی توێژینەوەكە، پەنا براوەتە بەر ڕاپێوینامە (فۆرمی ڕاپرسی) و تێبینیكردن، لەكۆی گشتی فۆرمەكان (٧٣) فۆرم گەڕاونەتەوە و شیاوبون بۆ شیكردنەوە لە ڕێگەی بەرنامەی SPSS شیكاری بۆ وەڵامی پرسیارەكان كراوە.

**١-٦: چەمك و زاراوەكان:**

- **كاریگەری:** مەبەست لەو كاریگەرییەیە كە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان هەیانە لەسەر كەناڵە تەلەفزیۆنییە كوردییەكان لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیاریدا بۆ وەرگر.
- **تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان:** بریتییە لە سەرجەم جۆرەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كە ئەوانیش (فەیسبوك، ئینستاگرام، سناپچات، تویتەر و یوتیوب...هتد) ئەو تۆڕانەی بەكارهێنەر پێویستی بە ئینتەرنێتە بۆ بەكارهێنانیان و لە ئێستادا لە ڕێگەی مۆبایلی زیرەكەوە دەتوانرێت سەرجەم ئەو جۆرانە بەكاربهێنرێت. بەكارهێنەریش دەتوانێت سود لە خزمەتگوزارییەكانیان وەربگرێت ئەویش ئاڵوگۆڕ و وەرگرتنی زانیاری و بڵاوكردنەوەی فۆتۆ و ڤیدیۆ و ڕا و بۆچونی بەكارهێنەرەكەی بەتایبەت لەسەر ئەو بابەتانەی پێویستی بە دەربڕینی ڕا و هەڵوێستەكردن هەیە.
- **میدیای بینراو:** مەبەست لەو كەناڵە تەلەفزیۆنییە هەواڵییە ئاسمانییە كوردییانەیە كە لە سنوری هەرێمی كوردستان كاردەكەن.
- **هەواڵ:** هەمو ئەو هەواڵ و زانیارییە هەواڵییانەی لە چوارچێوەی پرۆسەی ئامادەكردن و بەرهەمهێنانی بەرنامە هەواڵییەكان پەخش و بڵاودەكرێنەوە.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

-**کەناڵی ڕوداو:** کەناڵێکی تەلەفزیۆنی ئاسمانی هەواڵیی کوردییە سەر بە دامەزراوەی (تۆڕی میدیایی ڕوداو)ـە کە لە (ڕۆژی ٢٠١٣/٥/٢٩)ـەوە لە بوارەکانی میدیای بینراو و بیستراو (بەشێوەی دەنگوڕەنگ و ئەلیکترۆنی) بەرهەمەکانی پێشـــکەشـــی خەڵک دەکات و بارەگای ســـەرەکی لە شـــاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستانە.

## پەیوەندی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەناڵە ئاسمانییە هەواڵییەکان:

### یەکەم: تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

### ١- چەمک و پێناسەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

چەمکی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social Network)، دەرهاویشتەی کۆمەڵێک پێگەی سەر تۆڕەکانی ئینتەرنێتە کە لەگەڵ نەوەی دوەمی وێب (وێب ٢٠٠٠) [i] ناســـراون، ئەم پێگانە لە ژینگەیەکی خەیاڵییدا پەیوەندی لەنێوان تاکەکان دروســـت دەکەن، بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بەپێی ســـۆز و خولیاکانیان، شـــار، زانکۆ، خوێندنگا، کۆمپانیا و شـــوێنی کار... هتد لە ژینگەی تۆڕ و پێگەکانی کۆمەڵایەتییدا کۆدەبنەوە و زانیاریی و پەیامەکانیان دەگۆڕنەوە(کافي، ٢٠١٦، ص١٠٩).

ئەم تۆڕانە داتا ژمارەیی و ئەلیکترۆنییەکان بە ئاسانی دەگوازنەوە، هەلی دۆزینەوەی یەکتری بۆ بەکارهێنەران ڕەخســـاندوە، هەمو ئەمانەش کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی [ii] دروســـتدەکەن کە لە یەکە کۆمەڵایەتییە ڕاســـتەقینەکان دەچێت(العوض وداعة، ٢٠٢٠، ص٢١).

تۆڕە کۆمـەڵایـەتییـەکـان "Social Network" ئـامـاژەیـە بۆ (بـەکـارهێنـانی وەگـەڕخراوەکـانی ئینتـەرنێت لـە دروستکردنی پەیوەندی و گفتوگۆ)، ئەم تۆڕانە (کۆمەڵێک پێگەی ئەلیکترۆنین کە لە چوارچێوەی سیستەمەکانی ئینتەرنێتدا ڕێگا بە بەکاربەرانی دەدات لاپەڕەی کەســی دروســت بکەن و بشــتوانن نیشــانی (گشــت)ی بدەن، هەروەها خزمەتگوزارییەکانی گۆڕینەوەی زانیاری لە نێوان بەکاربەرانی پێگەکاندا ڕەخســـاندوە) (المقدادي، ٢٠١٣، ص٢٤).

وشەی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان (Social media) سەرجەم ئەو تۆڕانە دەگرێتەوە کە ڕێگەی سایت و ئەپەکانی وەک (فەیسبوک و ئینستاگرام و یوتوب و سناپ چات...هتد) بەکاردەهێنرێن. جگەلەوەی ئەم تۆڕانە هۆکارێکن بۆ دروستبونی پەیوەندیی نوێ و پەیوەندیکردن بەو هاوڕێ و ئازیزانەی کە لە یەکتر دورکەوتونەتەوە، دوبارە ئەم تۆڕانە هۆکارە بۆ کۆکردنەوەیان و پەیوەندییبەســـتن بە دەنگ و بە وێنە و بەئاگابون لە ژیانی ڕۆژانی یەکتر. ســـەرەڕای ئەوەی بەکارهێنەر بۆ کاتبەســـەربردن و پڕکردنەوەی کاتە بەتاڵەکانی بەکاریدەهێنێت. هەروەها بۆ فێربونی زمان و وەرگرتنی وانە بەشێوازی ڕاستەوخۆ (Online)، لە ئێستادا زۆرێک لە ڕادیۆ و کەناڵەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان یەکێک لە خزمەتگوزارییەکان بەکاردەهێنن ئەویش کردنەوەی (Live)ـــــە واتە ڕاســـتەوخۆ، ئەوەی نمایش دەکرێت لە تەلەفزیۆن و ڕادیۆ لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕاســـتەوخۆ بەکارهێنەرانی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەیبینن(Nations, 2021).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە سەرتاسەری جیهاندا چەندین پێناسە و لێكدانەوەی جیاوازی بۆ دەكرێت توێژەر گرنگترین و گونجاوترینیان هەڵدەبژێرێت و باسیان لێوە دەكات، لە یەكێك لە پێناسەكاندا بۆ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بەم جۆرەیە: لە هەمو پێگە ئینتەرنێتییەكان، كە گوزارشتە لە زانیاری و داتا، یان بریتییە لە تەواوی پرۆسەی گواستنەوەی زانیاری لەسەر شێوەی دەنگ و ڕەنگ و وێنە و چاتەكان(أبو عیشة، ٢٠١٠، ص١٠٧).

لە پێناسەیەكی دیكەدا بۆ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، هاتوە كە: گوزارشتە لەو تۆڕە كۆمەڵایەتییانەی كە هۆكارە بۆ دروستبونی كارلێك و پەیوەندییە كۆمەڵایەتییەكان لە نێوان مرۆڤەكان لە سەرتاسەری جیهاندا. هەندێك لەو مرۆڤانە بەكاریدەهێنن بۆ دروستكردنی هاوڕێی تازە و تازەكردنەوەی پەیوەندییە كۆنەكان یان گۆڕینەوەی بیروڕا و زانیاری و گرنگیدان بەو بابەتانەی جێی بایەخی بەكارهێنەرەكەیەتی، هەندێك لە بەكارهێنەرانی تری ئەم تۆڕانە بەكاریدەهێنن وەك هۆكارێك بۆ دەستكەوتنی قازانجی ماددی(علي، ٢٠٢١).

هەروەها تۆڕی كۆمەڵایەتی دەكرێ بەوە پێناسەبكرێ كە وا: گرووپێك خەڵك بەیەكەوە لە ڕێگای یەك سەرچاوەی دیارەوە پەیوەندییان هەیە، سەرچاوەكە دەكرێ كارێك بێت، كارمەندەكان یان كرێكارەكانی ئەو كارە كۆبونەتەوە و تۆڕێكی كۆمەڵایەتییان پێكهێناوە(ئیبراهیم، ٢٠١٤، ل٦٩٧).

پاش خستنەڕوی چەندین پێناسە بۆ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، توێژەریش لە ڕێگەی تێگەیشتن بۆ بابەتەكە و خوێندنەوەی ورد پێیوایە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بریتییە لە: سەرجەم ئەو پێگە ئەلیكترۆنییانەی كە بۆ پەیوەندیكردن لە نێوان تاكدا لە ڕێگەی بەكارهێنانی ئینتەرنێتەوە بۆ ئاڵوگۆڕكردنی زانیاری و وێنە و ڤیدیۆ و چات و دروستكردنی پەیوەندی تازە و تازەكردنەوەی پەیوەندییە كۆنەكان و بە ئاگابون لە دەوروبەر و ئەو گۆڕانكارییانەی بەردەوام لە سەرتاسەری جیهاندا ڕودەدەن بەكاردێت.

## ٢- خەسڵەت و تایبەتمەندییەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان:

تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان كۆمەڵێك تایبەتمەندێتییان هەیە كە لە كەناڵەكانی ڕاگەیاندن جیای دەكاتەوە، لە گرنگترینی ئەو تایبەتمەندێتییانەكان بریتیین لە (مركز المحتسب للاستشارات، ٢٠١٧، ص٢٢؛ هتيمي، ٢٠١٥، ص٨٥؛ بروكس و گوپتا، ٢٠١٧، ص٥٧؛ العماري، ٢٠١٥، ص١٦٩؛ خليفة، ٢٠١٦، ص٩؛ الصيفي، ٢٠٢٠، ص١٢١؛ البرغوثي و النبهاني، ٢٠٠٤، ص٤٩؛ بێنوسەر، ٢٠٢١؛ نومار، ٢٠١٢، ص٥٣):

١. لەگەڵ هەبونی زۆر ناو لە میدیای نوێ بەڵام زۆربەیان لە ڕواڵەتدا لەیەكتر دەچن، هەمویان ئامانجیان بڵاوكردنەوەی زانیاری و پێكەوەبەستنەوەی تاكەكانە لە كۆمەڵگا، هەروەها زۆربەیان لە یەك یاسا یەكتری دەگرنەوە.

٢. كارلێكی یان گفتوگۆكردن (Conversation): لەگەڵ (میدیای نوی) پەیوەندیكردنی یەك لایەنە، پەخشكردن یان شێوازەكانی ناردن بەشێوەیەكی ناڕاستەوخۆ بۆ جەماوەر بەرەو نەمان دەچێت، چونكە لە میدیای نوێ پەیوەندیكردنەكان و گفتوگۆكان بەلایەنی كەم شێوازێكی دو لایانە دەگرێتە خۆی.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

٣. هاوبەشـــیکردن :(Contribution) ئامانجی ســـەرەکیی میدیای نوێ بریتییە لە هاندان بۆ هاوبەشـــیکردنی یەکتری و کاردانەوەی هەر تاکێک کە خۆی مەبەستی بێت. لێرەدا هاندان کلیلی سـەرەکییە، میدیای نوێ هەوڵی کارلێکردنی تاکەکان دەدات بۆ ئەوەی بە ئاسانی بتوانن هاوبەشی یەکتری بکەن، جا چ بە شێوازێکی پۆزەتیڤانە بێت یاخود هەندێک جار شێوازی نێگەتیڤانە.

٤. هـاوکـاریکردن (Collaboration): میدیـای نوێ هەوڵی بەرزکردنەوەی ئـاڵوگۆڕکردنی زانیـاری دەدات لە نێوان تۆ و جەمـاوەرەکەت هەروەهـا لە نێوان تـاکەکـانی تری جەمـاوەر بەڕێگـاری ســـەرنجڕاکێشـــان بۆ بەشـــداریکردن، هەروەها هەوڵی دورســـتکردنی هاوکاریکردنێکی خێرا و ئاســـان دەدات کە ئەمەش پێویســـتە زانیارییەکان بەشێوەیەکی ڕێکوپێک ڕێکبخرێت و ئاسان بێت لە دابەشکردنی.

٥. پەیوەندیکردن (Connection) لە ســـەردەمی ئێســـتادا بۆ گەیشـــتن بە زانیارییەکان تەنیا چەند کلیکێک پێویســـتە، میدیای نوێ بە پشـــتبەســـت بە پەیوەندیکرن هەوڵدەدات لە ڕێگای بەســـتەرەکانی خۆیەوە خەڵک بە یەکەوە ببەستێتەوە و بەشـێوازێکی ئۆتۆماتیکی زانیاریيان پێدەدات، بگرە تەنانەت بەکارهێنەر دەتوانن کەناڵێکی کەسی تایبەت بە خۆیان دورست بکەن بۆ مانەوەیان لە پەیوەندیکردنێکی بەردەوام لەگەڵ تاکەکانی تر.

٦. کۆمەڵگەیی(Community)  یەکێکی تر لە تـایبەتمەنـدییە ســـەرەکییەکـانی میـدیـای نوێ، کە بریتییە لە دورستکردنی کۆمەڵگایەکی تایبەت بە خۆی، ئەمەش لە ڕێگای بە دوای یەکترکەوتن و دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ کەسانی تر کە هەمان حەز و ئارەزو ئامانجیان هەیە لە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکان.

٧. توانایی هەڵگرتن و گواستنەوەی ئامێرەکانی ئاسـانە، بەکاربەر پێویستی بەوە نییە بەردەوام کۆمپیوتەر یان ئامێرێکی قەبارە گەورەی پێبێت، بە مۆبایلێک دەتوانێت لەسەر تۆڕەکانی کار بکات.

٨. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان شـوناسـی کەسـەکان تۆمار دەکات و دەیپارێزێت، وەک هەنگاوی یەکەم لە چونە ناو تۆڕەکانی ئینتەرنێت یان بەشـداریکردن لەو تۆڕانە بەشـی پێناس یان شـوێنی تۆمارکردنی زانیاریی کەسـیيان هەیە، ئەمەش جۆرێک لە شوناس دەدات بە کەسانی تر کە هاوڕێیەتی لەگەڵ دەکەن.

٩. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانایەکی ئێجگار باشیان هەیە لە ئەرشیفکردنی زانیارییەکان.

١٠. تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەروازەیەکی فراوان و بێســـانســـۆر و بێســـنوری خســـتە بەردەم بەکارهێنەران و ڕۆژنامەنوسان و تاک، کە دەتوانرێت بەبونی ئاوها شوێنێک زیاتر بیرورای خۆی پیشان بدەن.

## ٣- نمونەی بەربڵاوترین تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان:

لەگەڵ دەرکەوتن و گەشـــەکردنی تۆڕە کۆمەڵاتییەکیـان، ژمـارەیەکی زۆر نمونەی تۆڕەی کۆمەڵایەتی بەدەرکەوتن، لێرەدا توێژەر بەمەبەســـت و بەپێی جۆرو تـایبەتمەنـدی و گرنگی ئەو تۆڕانەی کە بۆ بـابەتی توێژینەوەکە گرنگن ئاماژەیان پێدەکات.

– **فەیســبوک:** فەیســـبوک لە دیارترینی نێو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانە، بەکارهێنەرانی دەتوانن لە ڕێگەی ئەم تۆڕە کۆمەڵایەتییەوە پەیوەندیی هاوڕێیەتی گرێ بدەن و هاوبەشـــی بکەن لە گۆڕینەوەی زانیاری بەپێی ئەزمون و شـــارەزاییان ئەویش لە ڕێگەی پێداویســـتییەکانی تەکنیکی کارلێکییەوە. ئەگەر ئەم تۆڕە وڵاتێک بێت ئەوا لە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

ڕیزبەندی سـێیەمدا دێت لە ڕووی ژمارەی دانیشـتووانەوە لە پاش چین و هیندسـتان، چەندین گوزارشـتی جۆراوجۆر بۆ فەیسبوک بەکارهێندراون، (العوض وداعة، ٢٠٢٠، ص٢٠). بەپێی ڕاپۆرتێکی ساڵی ٢٠٢١ ڕێژەی ٦٥٪ی بەکارهێنەرانی فەیسـبوک لە خوار تەمەنی ٣٥ سـاڵییەوەن، ڕێژەی ٩٦٪ یش لە ڕێگای مۆبایلەوە فەیسبوکەکانیان دەکەنەوە(Mohsin, 2021).

- **یوتیوب**: یوتیوب یەکێکە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییە هەرە جەماوەرییەکان لەسـەر ئاسـتی جیهان کە ملیۆنان بەکارهێنەری هەیە، کە وەک ئامرازێکی کاتبەسـەربردن کە لە تەلەفزیۆن بە باشـتر دادەنرێت لە ناوماڵدا، ماڵپەڕی یوتیوبدا پڕە لە بابەت و زانیاریی سەیر و سەمەرە لە هەمو بوارەکاندا، وەک؛ سیاسی، کۆمەڵایەتی، فێرکاری، ڕۆشـنبیری و کاتبەسـەربردن، بەم دواییانە یوتیوب بە خێراترین ئامراز دیاریکرا بۆ گواسـتنەوەی هەواڵی وێنەیی لە ناو ماڵپەڕە هەواڵییەکان(غنیم، ٢٠١٥، ص٦٣).

- **ئینسـتاگرام**: تۆڕێکی کۆمەڵایەتییە بۆ بڵاوکردنەوەی وێنە و ڤیدیۆ کە لە تشـرینی یەکەمی سـاڵی ٢٠١٠دا لەلایەن پڕۆگرامسازی بەناوبانگی ئەمەریکی (کیڤین یۆرک سیسترۆم)ـەوە دامەزراوە، ئینستاگرام وەک تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی تری جیهان گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە بە تایبەت کە دەتوانرێت وێنە و ڤیدیۆی تیادا بڵاوبکرێتەوە،(Techterms, 2021).

بەپێی ئاماری وێبسـایتی statista کە بۆ سـەرەتای سـاڵی ٢٠٢٢ـــی بڵاو کردوەتەوە تۆڕی کۆمەڵایەتی فەیسـبوک ڕیزبەندی یەکەمی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی گرتوە بە بونی ٢ ملیار ٩١٠ ملیۆن بەکارهێنەری چالاکی مانگانە لەسـەر ئاسـتی جیهان، یوتیوبیش خاوەنی دو ملیار و ٥٦٢ ملیۆن بەکارهێنەری چالاکیی مانگانەیە و بەپلەی دوەم دێت لەسـەر ئاسـتی جیهان، دواتر وەتسـئەپ بە دو ملیار بەکارهێنەر لە پلەی سـێیەمدایە و ئینستاگرامیش لە پلەی چوارەمدایە بە یەک ملیار ٤٨٧ ملیۆن بەکارهێنەری چالاکی مانگانە (statista, 2022). سەبارەت بە عێراقیش، بەپێی ئامارەکانی سایتی datareportal ئەو زانیاریانەی لە سەرچاوەکانی کۆمپانیای میتا بڵاوکراونەتەوە ئاماژە بەوە دەکەن کە فەیسبوک لە سەرەتای ساڵی ٢٠٢٢دا ١٨.٨٥ ملیۆن بەکارهێنەری لە عێراقدا هەبوە و لە پلەی یەکەمدایە، ئینستاگرامیش بە ١٥.٤٥ بەکارهێنەر و فەیسبوک مەسنجەر بە ١٦.١٥ بە کارهێنەر لە پلەی دوەم و سێیەمدان، هەر یەک لە سناپ چات بە ١٣.٨٠ ملیۆن بەکارهێنەر و تویتەریش بە ١.٩٠ بەکارهێنەر پلەکانی چوارەم و پێنجەمیان گرتوە(Kemp, 2022).

## دوەم: هەواڵی تەلەفزیۆنی و میدیای نوێ

### ١- بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی

بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنی، بەپێی سـروشـتی کەناڵەکان دەگۆڕێت، بەو پێیەی بەرهەمهێنانی هەواڵ لە کەناڵێکی تەلەفزیۆنی تایبەتمەند بە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی هەواڵ بەدرێژایی ٢٤ کاتژمێر لە هەفتەیەکدا (٢٤/٧)، جیاوازە لە کەناڵێکی دیکە کە تەنها چەند گەشـتێکی هەواڵی هەیە. بەڵام بەشـێوەیەکی گشـتی ئەم پرۆسـەی بەرهەمهێنانە بۆ چەند قۆناغێک پۆلێن دەکرێت کە بریتین لە قۆناغەکانی: پێش بەرهەمهێنان. بەرهەمهێنان و قۆناغی دوای بەرهەمهێنان(الصادق، ٢٠١٧، ص١٨٨-١٨٩).



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

کارکردن لەسەر بەرهەمهێنانی هەر بەرهەمێکی بینراو هەتا دەگاتە بەرچاوی بینەر بە چەند قۆناغێکدا دەڕوات کە پرۆسەیەکی گشتگیرە و هەر قۆناغەش تایبەتمەندی خۆی هەیە و بەم شێوەیە قۆناغەکان دەست پێدەکات:

- **قۆناغی پێش بەرهەمهێنان:** ئەم قۆناغە بە گرنگترین قۆناغ لە پرۆسەی بەرهەمهێناندا دادەنرێت، کە بە بیرۆکەکەی دەستپێدەکات و ئەوەش گرنگترین هەنگاوە لە هەر بەرنامەیەکدا کە بیرۆکە و ڕاڤەکردن و لێکدانەوە لەخۆدەگرێت تاوەکو بگاتە ئەو ئاستەی پەخش بکرێت، هەروەها ئەم قۆناغە تێکڕای پرۆسەی پێشنیارکردنی بیرۆکەیەکە لە پاڵ دارشتنەوەی هەمو ئەو شتانەی لە دەقێکی نوسراودا وەک پرۆژەیەکی بنەڕەتی پێشکەش دەکرێت(الحطامي، ٢٠١٥، ص١٠٤).

قۆناغی پێش بەرهەمهێنانی هەواڵ لەو کاتەوە دەست پێدەکات کە سەرچاوە و نێرەرەکانی هەواڵی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان، زانیاری دەدەن بە کەناڵەکە، ئەو کاتە دەستەی نوسەران ئەو زانیارییە ئاراستەی پەیامنێر و نێردراوان دەکات، بۆ ئەوەی هەواڵێکی وێنەیی لێبەرهەمبهێنرێت. لەم قۆناغەدا دەبێت پەیامنێر سکرێپتی تایبەت بە چۆنێتی بەڕێوەچونی کارە لۆجیستی و مەیدانییەکان ئامادەبکات(Acholonu, 2014,P10).

- **قۆناغی بەرهەمهێنان:** لەم قۆناغەدا دەستدەکرێت بە وێنەگرتن و تۆمارکردنی بەرنامەکە، واتە گۆڕینی سیناریۆیە بۆ گرتەی جوڵاو، وێنەگر لە کاتی تۆمارکردندا یان پەخشکردنی ڕاستەوخۆ هەڵدەستێت بە جێبەجێکردنی هەر شتێک کە لەگەڵ دەرهێنەر لە کاتی مەشقکردندا لەسەری ڕێککەوتوە، هەر بۆیە دەرهێنەر بە سەرۆکی کار ناوزەند دەکرێت، هیچ گرتە و جوڵەیەک بەبێ پرسی دەرهێنەر بەرهەم نایەت و کۆتایی نایەت(جادين، ٢٠١٨، ص٤٥).

- **قۆناغی دوای بەرهەمهێنان:** لەم قۆناغەدا پرۆسەی بینینو هەڵسەنگاندن دەستپێدەکات، تێیدا پرس بەبۆچونی شارەزایانو پسپۆران دەکرێت، ئەم قۆناغە بە قۆناغی مۆنتاژکردنیش دەناسرێت لە پاش تەواوبونی قۆناغی وێنەگرتن و کۆتاییهاتنی، قۆناغی مۆنتاژکردن دەستپێدەکات، کە بریتییە لە ڕێکخستن و پێکەوە گرێدانی گرتە ڤیدیۆییەکان و هەر یەک لەم کارانەی دیکە کە هەموی لەلایەن مۆنتێرەوە ئەنجام دەدرێت بە هاوبەشی لەگەڵ دەرهێنەر و پرۆدیوسەر(السراج، ٢٠٠٥، ص٢٧٣).

### ٢- نوسین و دارشتنی هەواڵی تەلەفزیۆنی:

پێناسەو تێڕوانینی جیاواز لەنێوان پسپۆڕانی بواری میدیا هەیە دەربارەی هەواڵ، العوض پێیوایەکە هەواڵ بریتییە لە هەر ڕوداوێکی ئاسایی و لەناکاو، کە سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت و کاریگەرییان لەسەر بکات، یان هەر فاکتەرێکی نوێ لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئاراستەی جەماوەری وەرگر بکرێت(العوض، ٢٠١٩، ص٨٧).

لە بارەی پێناسەی هەواڵی تەلەفیزیۆنییەوە، توێژەران و پسپۆرانی بواری میدیا پێیانوایە، هەواڵ لە میدیایی خوێنراو و بیستراو بینراودا، ئەرک و پەیامی هەیە کە بریتییە لە پێدانی زانیاریی دروست و نوێ و وروژێنەر، بەڵام سروشت و ئاستی کاریگەریی ئامرازەکانی میدیا، شێوە و ڕادەی وەرگرتنی هەواڵ لای وەرگر دەگۆڕێت، بۆیە هەمیشە هەواڵی تەلەفیزیۆنی بە هۆی بونی وێنەی جوڵاو و دەنگەوە، ڕادەی کاریگەری و گەیشتنی بە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

وەرگر خێراتر و زیاتره لەو هەواڵانەی کە میدیای خوێنراو و بیســـتراو ئاڕاســـتەی جەماوەری دەکەن(العبد، ٢٠٠٧، ص٢١).

ولیام سـمۆڵی جێگری سـەرۆکی تۆڕی میدیایی سـی بی ئێس (CBS)ی ئەمەریکی دەڵێت کە ئەو کەسـەی بۆ تەلەفزیۆنەکان دەنوسـێت بۆی گرنگە کە وشـەکان چی کاریگەرییەکیان لەسـەر بینەر دەبێت. هەر بۆیە گرنگە ئەو هەواڵەی کە بۆ تەلەفزیۆنەکان ئامادەدەکرێت خوێندنەوەی بۆ پێشکەشکارەکە ئاسان بێت و بینەرانیش بە ئاســـانی لێی تێبگەن و خۆی لە نمایشـــکردنی کۆمەڵێک وێنەی ڕاســـتەقینەی ڕوداوێک ببینێتەوە(زطة، ٢٠١٤، ص٨٨)، لە کاتی نوســـین و ئامادەکردنی هەواڵ بۆ تەلەفزیۆنەکان چەند خاڵێک بونی هەیە کە دەبێت هەواڵسازەکە ڕەچاوی بکات، ئەوانیش:

١. ئاسانی و ڕونی: واتە دورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشـەی نامۆ و ڕستە و بڕگەی ئاڵۆز و ژمارە و داتای دورودرێژ. هەواڵســـازی تەلەفزیۆنی هەواڵەکانی بۆ بینەر و وەرگری جودا و جیاواز ئامادەدەکات هەر بۆیە دەبێت هەواڵەکان بە زمانێکی ســـادە بنوســـێت و بەڕونی بابەتەکان بخاتەڕو و بە شـــێوازێک بنوســـێت کە نوسـینەکانی جگە لە یەک مانا و لێکدانەوە هیچ مانا و لێکدانەوەیەکی تر هەڵنەگرێت. بەکارهێنانی کورتە ڕسـتە و کورتبڕی لە کاتی ئامادەکردنی هەواڵەکاندا یارمەتی هەواڵسـازەکە دەدات کە هاواڵەکان بەشـێوەیەکی ئاسـان و ڕون بۆ پێشکەشکار و بینەر بنوسێت(شلبية، مجموعة المحاضرات).

٢. زمانی گفتوگۆ و ئاخاوتن: پێشـکەشـکاری هەواڵەکان هەوڵدەدات بە شـێوازی گفتوگۆ و ئاخاوتن خۆی لە بینەرەکانی نزیکبکاتەوە و بەشـدارییان پێبکات. ڕونی و ئاسـانی و سـادەبون لە تایبەتمەندییەکانی قسـەکردنی سـەر تەلەفزیۆنەکانە. باشـترین هەواڵسـاز ئەو هەواڵسـازانەن کە بەو شـێوازە دەنوسـن کە ڕۆژانە قسـە و گفتوگۆی پێدەکەن(جواد، ٢٠٠١، ص١٠٩).

٣. کورتبڕی: بە هۆی کۆتوبەندی کاتەوە ڕەگەزی کورتبڕی بوە بە یەکێک لەو خاڵانەی کە گرنگییەکی زۆری لە هەواڵە تەلەفزیۆنییەکاندا هەیە و پێوەپابەندبونی بوە بە پێشـمەرج. هەروەها لە کاتی نوسـین و ئامادەکردنی هەواڵەکاندا نابێت ڕونکردنەوەی ناپێویست پێشـکەش بە بینەر بکرێت و دەبێت تەنها بیرۆکە زۆر گرنگەکان بۆ بینەر و وەرگر بگوێزرێتەوە(شلبية، مجموعة المحاضرات).

٤. هاوپەیوەستی لە نێوان دەنگ و وێنەدا: پێویستە لە نێوان وشە و وێنەکەدا هاوپەیوەستی و لێکنزیکی بونی هەبێت. بە دەربڕینێکی تر، دەبێت وشـەکان گوزارشت لە وێنەکان وەک ئەوەی کە هەیە بکەن و نابێت جیاوازی ئەگەر کەمیش بێت لە نێوان وشەکان و وێنەکاندا بونی هەبێت چونکە ئەگەر باسکردنەکە و وێنە تەلەفزیۆنییەکە لەیەک جیاوازبن ئەوا بینەر زیاتر جەخت دەخاتە سەر وێنەکە و ئەوەی کە دەیبینێت بە ڕاستتر دەزانێت لەوەی کە دەیبیتێت (جرين، ١٩٧٢، ص١٢٦).

### ٣- میدیای نوێ:

میدیای نوێ لە (New Media)ی ئینگلیزییەوە وەرگیراوە، لە زمانی عەرەبیدا "ئامرازەکانی میدیا" بۆ وشـــەی (Media) بەکاردەهێنین و وشـــەی "میدیا" ناوێکی کۆیە و تاکەکەی بریتییە لە (Medium) کە بە مانای



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

"ئامرازی میدیا" دێت. لەســـــەر ئەم بنەمایە کاتێک دەڵێین (New Media) مەبەســـــتمان لێی "ئامرازەکانی ڕاگەیاندنە"، توێژەران دەربارەی چییەتی میدیای نوێ ناکۆکن و لە دیدگای خۆیانەوە ئەم چەمکەیان ناساندوە(عقيلة، ٢٠١٥، ص٢٩).

زانا و شارەزایانی بواری میدیا چەند پێناسەیەکیان بۆ میدیای نوێ کردوە و بۆچونیشیان دەربارەی چییەتی ئەم میدیایە جودا و جیاوازە. هۆکاری ئەم جیاوازبونەش بۆ تێگەشتن و تێڕوانینیان بۆ چییەتی و سروشت و ئەرکی میدیای نوێ دەگەڕێتەوە. لێرەدا بەشێک لەو پێناسانە دەخەینەڕو:

فەرهەنگی تەکنۆلۆجیای نوێ، میدیای نوێی بە "گرێدانی یان بەســـتنەوەی کۆمپیوتەرەکان و تۆڕە کۆمپیوتەرییەکان و مەڵتی میدیا" پێناســـەکردوە، لە هەمان کاتدا ناســـاندویەتی بەوەی: "چەمکێکی بەربڵاوە لە توێژینەوەکانی بواری ڕاگەیاندندا (حسام الدين، ٢٠١٤، ص١٠٣-١٠٧)، پاشان ئەو ڕوداوانەی کە بەسەر میدیای کلاســـیکیدا هاتن، هاتنەئارای تەکنۆلۆجیای دیجیتاڵ و بونی توانای کارلێککردن وەک نمونە، پێناســـەکەیان گۆڕی"(صادق، ٢٠٠٨، ص٣٢).

## ٤- هەواڵ و سودوەرگرتن لە میدیای نوێ:

هەواڵەکان وەکو یەکێک لە دیارترین ناوەڕۆکەکانی هۆکارەکانی پەیوەندی ســـودی زۆری بینیوە لە پێشـــکەوتنەکانی ئێســـتا لە بواری تەکنۆلۆژیای میدیای نوێ، کە گرنگترینیان بریتین لەمانەی لای خوارەوە(شيخاني، ٢٠١٠، ص٤٧١-٤٧٢):

١- خێرایی لە ڕومالکردنی ڕوداوەکان.

٢- فراوانبونی ڕوبەری (چوارچێوەی) هەواڵ لەڕوی جوگرافییەوە.

٣- فراوانبونی ژمارەی کەناڵە هەواڵییەکان و بەرفراوانی ڕوماڵکردن.

٤- چاکبونی ئەدای پیشەیی لە وەزیفەی هەواڵسازیدا.

٥- داهێنانی کەناڵی هەواڵی نوێ کە جیاوازە لە کەناڵە کلاسییکەکان.

٦- بەرزبونەوەی ڕێژەی بەها هەواڵییەکان (القيم الاخبارية) لە هەواڵەکاندا.

## ٥- کەناڵە ئاسمانییەکان لە سەردەمی سۆشیال میدیادا.

تەلەفزیۆن، بەراورد بە میدیای نوێ، بە یەکێک لە ئامرازەکانی میدیای کلاســـیکی دادەنرێت. ئینتەرنێت وەک کەرەســـتەیەکی میدیای نوێ بە هۆی جەماوەری بونەکەیەوە بوتە جێی بایەخی توێژەران( Banning & Sweetse, 2007, P455) و چەندین توێژینەوە لەو بوارەوە ئەنجامدراوە. بەشـــێک لە توێژینەوەکان دەربارەی کاریگەرییەکانی میدیای نوێ لەســـەر میدیای کلاسیکی نوسراون و ئەم جۆرە توێژینەوانە جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئینتەرنێت ئەو کاتانەی بۆ میدیای کلاسیکی تەرخانمان کردوە، کەم دەکاتەوە و بەشێکی تر لە توێژینەوەکان گەیشتون بەو دەرەنجامەی کە پەیوەندیی نێوان ئینتەرنێت و میدیای کلاسیکی پەیوەندییەکی تەواوکارییە(Kim, 2006, P2-3) و ئەم دو جۆرە لە میدیایە یەکتر تەواو دەکەن. هۆکاری ئەمەش بۆ ئەوە



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

دەگەڕێتەوە کە تا ئێســتاش جەماوەرێکی زۆر بۆ دەســتکەوتنی هەواڵ و زانیارییەکان پشــت بە ئامرازەکانی میدیای کلاسیک دەبەستن(Jo, 2005, P2).

دەرەنجامەکانی بەشێکی تر لە توێژینەوەکان جەخت لەوە دەکەنەوە کە ئینتەرنێت تاکە سەرچاوەی هەواڵە کە جەماوەرەکەی لە زیادبونێکی بەردەوامدایە و ئینتەرنێت بوە بە سەرچاوەی تەواوکاریی هەواڵەکان و ئینتەرنێت ڕۆژانە هەواڵەکانی پیشــکەش بە جەماوەرە بەرفراوانەکەی دەکات(Kim, 2006, P2). مەبەســت لە تەواوکاریبونی ئینتەرنێت ئەوەیە کە ئینتەرنێت ناتوانێت جێگەی ســەرچاوەکانی تری هەواڵ بگرێتەوە، چونکە ئینتەرنێت لەڕوی ســروشــت و ئەرکەوە لە ســەرچاوەکانی تری هەواڵ ناچێت و جیاوازە( Thomas J. Johnson and Others, 2003). چەند توێژینەوەیەک ئەوەیان نیشــانداوە کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ئامرازەکانی میدیای کلاسیک، تەلەفزیۆن و ڕادیۆ وەک نمونە، زیاتر بەکاردەهێنن لەو کەسانەی کە ئینتەرنێت بەکارناهێنن. ئەمەش ئەوە دەردەخات کە ئینتەرنێت نەبوە بە جێگرەوەی ئامرازەکانی میدیای کلاســیک بەڵکو میدیای کلاسیک تەواو دەکات. بۆ نمونە، یەکێک لە توێژینەوەکان ئەوە نیشان دەدات کە تەنها لە سەدا پازدەی (١٥٪)ی بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت بەهۆی بەکارهێنانی پێگە ڤیدیۆیەکانەوە بە تەواوی دەستبەرداری تەلەفزیۆن بونە(Sidelow, 2008, P38-39).

ســەرەڕای زۆری زانیارییەکان لە ئینتەرنێتدا، بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لەو بڕوایەدان کە ئەو زانیاری و هەواڵانەی کە تەلەفزیۆنەکانەوە بڵاودەکرێنەوە ناوەڕۆکەکەی ڕاســتترە لە زانیارییەکانی ناو ئینتەرنێت( Watt and others, 2003, P22). بە دەربڕینێکی تر، ناڕاســتبونی هەواڵ نەبوە بەڕێگر لە بڵاوبونەوەی هەمان هەواڵ لە ئینتەرنێتدا و چەند جارێک و لە چەند کاتێکی جیاوازدا چەندین هەواڵی ناڕاســت لە ئینتەرنێت بڵاوکراوەتەوە(Payne, 2001, P22) .

لە ئێستادا بینەری سەرەتای نەوەی سێیەکی هەواڵەکانی ئینتەرنێتین و کارلێککردن گرنگترین تایبەتمەندییەکانی ئەم نەوەیەیە. وەرگر بەهۆی کاری کارلێککردنەوە دەتوانێت بەشــدارییەکی زیاتری هەبێت لە پرۆســەی بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوە و بەکاربردنی هەواڵەکاندا. کارلێککردن وەک تایبەتمەندییەکی گرنگی ئینتەرنێت ڕێگە بە ئینتەرنێت دەدات، بە پێچەوانەی میدیای کلاسیکەوە، بڕێکی زۆر لە هەواڵ پێشکەش بە وەرگر بکات و ئازادی هەڵبژاردنی ناوەڕۆکی هەواڵەکانیش بە وەرگرەکە دەبەخشــێت. ئینتەرنێت بە دەروازەیەکی بێ وێنەی هەواڵەکان دادەنرێت و وەرگریش بە هۆی پرۆســەی کارلێککردنەوە دەتوانێت چالاکانەتر کارلێک لەگەڵ ناوەڕۆکی هەواڵەکاندا بکات و لە هەمان کاتیشــدا پەیوەندی لەگەڵ وەرگرەکانی تردا دروســتبکات. ئەمە جگە لەوەی کە وەرگر و جەماوەر دەتوانن بە ســودوەرگرتن لەو خزمەتگوزارییانەی کە ئینتەرنێت بۆی فەراهەم کردون، چیرۆکەکانی خۆیان بۆ ئەوانیتر بەو شــێوەیەی کە خۆیان دەیانەوێت، بگێڕنەوە(Kim, 2006, P2-14).

لەمڕۆدا بەڕێوەبەرانی کەناڵە هەواڵییەکان بە مەبەســتی بەکارهێنان و ســودوەرگرتن لە ئامرازەکانی میدیای نوێ، چەند بەش و یەکەیەکی تایبەتیان دروســتکردوە، میدیای نوێ لە ڕێگەی هاریکاریی میدیاییەوە هاوکاری میدیاکانی ئێستا دەکات و بوە بە تەواوکاری میدیا کلاسیکییەکان. لە هەندێک کاتدا میدیای نوێ چی لە ڕێگەی



**Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4**

ڕێکخراوەکانەوە بێت یان لە ڕێگەی بەکارهێنەرانەوە بێت، بوە بە جێگرەوەی میدیای کلاسیک و شوێنی ئەوی گرتوەتەوە. بۆ نمونە، زۆربەی کەناڵە هەواڵییەکان پێگەی ئەلیکترۆنیی تایبەت بە خۆیان هەیە و ئەم پێگە ئەلیکترۆنییانە بونە بە تەواوکاری هەواڵەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان. لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا بەشـــێکی زۆر لە بینەران بۆ بینی هەواڵەکان یەکســـەر دەچنە ســـەر ئینتەرنێت و پێیان باشـــە لەوێوە هەواڵەکان ببینن یان بخوێننەوە. هەروەها بەشـــێک لە تەلەفزیۆنەکان پێگە ئەلیکترۆنییەکانیان بۆ ڕێکلام و زیادکردنی داهاتی کەناڵەکانیان بەکاردەهێنن و هەندێک جاریش ســود لە خزمەتگوزارییەکانی پۆدکاســت وەردەگرن بۆ گەیاندنی زانیاری و هەواڵەکان بە گوێگر(DeMars, P251-254).

**سێیەم: لایەنی مەیدانی**

**١- تۆڕی میدیایی ڕوداو**

تۆڕی میدیایی ڕوداو، دامەزراوەیەکی میدیایی سەربەخۆیە. ناوەندی سەرەکیی تۆڕی میدیایی ڕوداو لە شاری هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردســتان – عێراقە، لە مانگی نیســانی ٢٠٠٨ دەســتی بە بەرهەمهێنان کردوە لە بواری کاری میدیاییدا. بەرهەمەکانی بەشـــێوەی چاپکراو، بینراو و بیســـتراو بە زمانەکانی کوردی، ئینگلیزی، عەرەبی و تورکی بڵاودەکاتەوە. پەخشـــی ٢٤ کاتژمێریی (ڕادیۆ، تەلەفزیۆن و پۆرتاڵی ڕوداو) لە کاتژمێر ٥ی ئێوارەی چوارشـــەممە ٢٩ی ئایاری ٢٠١٣ دەســـتیپێکرد. ڕوداو دامەزراوەیەکی قازانج ویســـتە، بەڵام گەیاندنی زانیاری و ڕاستییەکان بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵانە بە ئامانجی سەرەکیی خۆی دادەنێت.

لە ١٤ی مانگی ئایاری ٢٠١٣ ماڵپەڕی ڕوداو وەک پۆرتاڵ و دیجیتاڵمیدیایەکی بەرفراوان نوێکرایەوە و بوە بەشـێکی گرنگی تۆڕی میدیایی ڕوداو، بۆ یەکەمین جار ئەپڵەکەیشـنی ڕوداو بەو زمانانەش بۆ سـەر سـمارت فۆن و تابلێتەکان دروســـتکرا، کە ئەوەش بۆ میدیای کوردســـتانی و ناوچەکە کارێکی تازەبو. بۆ یەکەمجار ئەپلیکەیشنی سمارت تیڤی و کار پلەی دروستکرد لە کوردستان و عێراق. هەروەها پۆرتاڵ و سۆشیالمیدیای ڕوداو داهێنان و پێشکەوتنی گەورەیان لە بواری سۆشیالمیدیادا ئەنجامدان.

**٢- ڕاستی جێگیریی فۆرمی ڕاپرسیی:**

بۆ دڵنیابون لە ڕاســـتی جێگیریی برگەکانی فۆرمی ڕاپرســـی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر هاوکێشـــەی (مقاييس كرونباخ الفا) بۆ پرســـیارەکانی تایبەت بە فۆرمی ڕاپرســـی توێژینەوەکە بەکارهێناوە، بە شـــێوەیەکی گشـــتی، دەردەکەوێت بەهای جێگیری بەڕێگەی (مقاييس كرونباخ الفا) دەکاتە (٠.٩٠٣) کە بەهایەکی باشـــی زانســـتی دەردەخات، ئاماژەیە بۆ جێگیری باش لە پرسیارەکاندا.

**٣- ئەنجامی توێژینەوەکە**

**تەوەرەی یەکەم: زانیاریی تایبەتی**

**خشتەی (١) ڕەگەزی میدیاکاران لە کەناڵی ڕوداو**

| ڕەگەز | دوبارەبونەوەکان | ڕێژە |
| --- | --- | --- |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

| | | |
|---|---|---|
| نێر | 63 | 86.3 |
| مێ | 10 | 13.7 |
| **کۆی گشتی** | 73 | 100 |

ئەنجامەکانی خشتەی (١) دەریدەخات کە بەرزترین ئاستی ڕەگەزی بەشداربوان لە ڕەگەزی نێرن، بەڕێژەی (86.3%) لە کاتێکدا ڕەگەزی مێ لە (13.7%)ـــــی بەشـــداربوان پێکدەهێنن. ئەو ئەنجامە دەریدەخات کە جیاوازییەکی جێندەری زۆر هەیە لە کەناڵی ڕوداو لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و ئامادەکردنی هەواڵدا، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ســـروشـــتی کارکردنی بەرهەمهێنانی هەواڵ کە ڕەگەزی مێ کەمتر ئارەزوی بەشـــداری لەو پرۆسەیەدا دادەکەن و زیاتر حەز بە کاری پێشکەشکاری و پەیامنێری دەکەن.

**خشتەی (٢) پیشەی میدیاکارانی ڕوداو لەکاری میدیاییدا**

| پیشە لە کاری میدیاییدا | دوبارەبونەوەکان | ڕێژە |
|---|---|---|
| هەواڵساز | 14 | 19.2 |
| سەرنوسەر | 8 | 11.0 |
| پرۆدیسەر(بەرهەمهێن) | 15 | 20.5 |
| پێشکەشکار | 14 | 19.2 |
| پەیامنێر\نێردراو | 4 | 5.5 |
| وێنەگر | 4 | 5.5 |
| هەڵەچن | 14 | 19.2 |
| کاری تر | 14 | 19.2 |
| **کۆی گشتی** | 73 | 100 |

خشـــتەی (٢) دەریدەخات کە بەرزترین پیشـــە لە کاری میدیاییدا لە کەناڵی ڕوداو بریتییە لە (پرۆدیســـەر) بەڕێژەی (20.5%) لە کاتێکدا پیشــەی (ســەرنوســەر) ڕێژەی (11.0%) پێکدەهێنن، هەروەها نزمترین ئاستی پیشـــە لە کاری میدیاییدا لە کەناڵی ڕوداو بە گوێرەی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە (پەیامنێر- وێنەگر) کە هەریەکەیان بەڕێژەی (5.5٪).

ئەمەش دەریدەخـات کە زۆرترین ڕێژەی بەرتوێژەکانی بریتین لەوانەی کە لە پرۆســـەی هەواڵســـازی و بەرهەمهێنانی هەواڵدا بەشــدارن، کە زۆر گونجاوە بۆ وەڵامدانەوەی پرســیارەکانی ئەم توێژینەوەیە کە تایبەتە بە کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە گواستنەوەی هەواڵدا.



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

Journal of University of Raparin گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین E-ISSN: 2522 – 7130 P-ISS 10 – 1036

**تەوەری دووەم: کاریگەرییەتی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تەلەفزیۆن (میدیای بینیراو).**

١-ئایا تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لەڕوی (زانین و ڕەفتاریی و سۆزدارییەوە) چ کاریگەرییەکی کردوەتە سەر تەلەفزیۆن؟

یەکەم: کاریگەری مەعریفی:

**خشتەی (٣) کاریگەری زانین**

| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەری مەعریفی | لەگەڵیدا نیم Fr. | لەگەڵیدا نیم % | تاڕادەیەک Fr. | تاڕادەیەک % | لەگەڵیدام Fr. | لەگەڵیدام % | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی % | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تورە کۆمەڵایەتییەکان زانیاری نوێی پێبەخشیوم بەرامبەر بە شێوازی گواستنەوەی هەواڵ. | 15 | 20.55 | 43 | 58.90 | 15 | 20.55 | 2.00 | 0.65 | 66.67 | تاڕادەیەک |
| تورە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی زانیاری نوێم پێبدات بۆ گۆڕینی شێوازی دارشتنی هەواڵ | 32 | 43.84 | 33 | 45.21 | 8 | 10.96 | 1.67 | 0.67 | 55.71 | تاڕادەیەک |
| تورە کۆمەڵایەتییەکان بوەتە سەرچاوەی زانیاری لەکاتی ئامادەکردنی هەواڵ | 17 | 23.29 | 40 | 54.79 | 16 | 21.92 | 1.99 | 0.68 | 66.21 | تاڕادەیەک |
| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان ئامرازە نوێکانی پێ ئاشناکردوم لە پرۆسەی بەرهەمهێنانی هەواڵی تەلەفزیۆنیدا. | 19 | 26.03 | 34 | 46.58 | 20 | 27.40 | 2.01 | 0.74 | 67.12 | تاڕادەیەک |
| تورە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی کەناڵی تەلەفزیۆنی بەشێوەیەکی باشتر پەیامەکانی بگەیەنێت | 11 | 15.07 | 23 | 31.51 | 39 | 53.42 | 2.38 | 0.74 | 79.45 | لەگەڵیدام |
| تورە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی شـــێوازی ئیدارەدانی کەناڵی تەلەفزیۆنی لە پرۆسـەی هەواڵسازیدا بگۆڕێت. | 17 | 23.29 | 41 | 56.16 | 15 | 20.55 | 1.97 | 0.67 | 65.75 | تاڕادەیەک |
| تورە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی گۆڕانکاریی لە ریزبەندی بەهاکانی هەواڵی تەلەفزیۆنی بکات | 8 | 10.96 | 30 | 41.10 | 35 | 47.95 | 2.37 | 0.68 | 79.00 | لەگەڵیدام |
| تورە کۆمەڵایەتییەکان زانیاری پێبەخشیوم بۆ گۆرانکاریی لە شێوازی زمانی هەواڵدا. | 29 | 39.73 | 33 | 45.21 | 11 | 15.07 | 1.75 | 0.70 | 58.45 | تاڕادەیەک |
| کۆی گشتی | 148 | | 277 | | 159 | | 2.02 | 0.69 | 67.29 | تاڕادەیەک |



Original Article / Doi: 10.26750/Vol(10).No(2).Paper4

لە خشـــتەی (٣)دا ڕون دەبێتەوە ڕێژەی دوبارەبونەوە، ڕێژەی ســـەدی، ناوەندی ژمارەیی، لادانی پێوانەی، گرنگی ڕێژەیی هەروەها ئەنجام لەســـەر گۆڕاوی (كاریگەری مەعریفی) كە پێكدێت لە (٨) پرســـیار، بەرزترین (ناوەندە ژمارەیی) بریتییە لە (2.38) بۆ پرســـیاری (تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان توانیویەتی كەناڵی تەلەفزیۆنی بەشـــێوەیەكی باشـــتر پەیامەكانی بگەیەنێت) هەروەها (لادانی پێوانەی) بریتییە لە (0.74) هەروەها (گرنگی ڕێژەیی) بریتییە لە (79.45%)، بەڵام بەشێوەیەكی گشتی گۆڕاوی (كاریگەری مەعریفی) بەڕێژەی وەڵام دانەوەی (لەگەڵیدام) بریتییە (27.23%)، (تاڕادەیەک) بریتییە لە (47.43%) هەروەها (لەگەڵیدا نیم) بریتییە لە (25.34%) لە كاتێكدا بەشـــێوەیەكی گشـــتی گرنگی ڕێژەی دەكاتە (67.29%).

ئەم ئەنجامە دەریدەخات كە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان توانیویەتی وا لە كەناڵی تەلەفزیۆنی بكات كە بەشـــێوەیەكی باشـــتر پەیامەكانی بگەیەنێت بە وەرگر، هەروەها تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان توانیویەتی كاریگەری لەســـەر بەهاكانی هەواڵ دابنێت و گۆڕانكاریی هێناوە بەســـەر ڕیزبەندی بەهاكانی هەواڵی تەلەفزیۆنی.

دووەم: کاریگەریی ویژدانی(سۆزداری)

## خشتەی (٤) کاریگەریی ویژدانی(سۆزداری)

| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی ویژدانی(سۆزداری) | | لەگەڵیدا نیم | تاڕادەیەک | لەگەڵیدام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی % | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | Fr. | Fr. | Fr. | | | | |
| | | % | % | % | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسـودەیی پێبەخشـیوم کە کەزیاتر پابەندبم و بەشـێوازێکی بابەتیانە هەواڵەکان بگوازمەوە بۆجەماوەر. | Fr. | 23 | 32 | 18 | 1.93 | 0.75 | 64.38 | تاڕادەیەک |
| | % | 31.51 | 43.84 | 24.66 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان متمانەی زیاتری لا دروستکردوم بۆ گەیاندنی پەیامەکان بە جەماوەر. | Fr. | 16 | 43 | 14 | 1.97 | 0.64 | 65.75 | تاڕادەیەک |
| | % | 21.92 | 58.90 | 19.18 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بێزاری کردوم کە ناوەرۆکی پەیامی کەناڵە تەلەفزیۆنیەکان بە تەواوی نەگات بە جەماوەر | Fr. | 28 | 32 | 13 | 1.79 | 0.73 | 59.82 | تاڕادەیەک |
| | % | 38.36 | 43.84 | 17.81 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ئاسـودەیی پێبەخشـیوم لە پرۆسـەی دروسـتکردنی پەیوەندی لە نێوان جەماوەر و کەناڵی تەلەفزیۆنیدا. | Fr. | 13 | 38 | 22 | 2.12 | 0.69 | 70.78 | تاڕادەیەک |
| | % | 17.81 | 52.05 | 30.14 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دڵەراوکێی لا دروستکردوم کە جەماوەر لە کەناڵی تەلەفزیۆنیەکەم دوربکەونەوە | Fr. | 20 | 30 | 23 | 2.04 | 0.77 | 68.04 | تاڕادەیەک |
| | % | 27.40 | 41.10 | 31.51 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان نائارامی کردوم لە گەیاندنی ناوەرۆکی پەیامەکان بە شێوەیەکی کاریگەریگەرتر بە جەماوەر. | Fr. | 26 | 29 | 18 | 1.89 | 0.77 | 63.01 | تاڕادەیەک |
| | % | 35.62 | 39.73 | 24.66 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گەشبینی پێداوم کە زۆرینەی جەماوەری کەناڵەکەم ڕاستەوخۆ پەیامەکان لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانەوە وەردەگرن. | Fr. | 11 | 26 | 36 | 2.34 | 0.73 | 78.08 | لەگەڵیدام |
| | % | 15.07 | 35.62 | 49.32 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وای لێکردوم کە دڵنیا نەبم لە کاریگەریی پەیامەکان ئەگەر تەنیا لە ڕێگەی شاشەی کەناڵەکەمەوە پەیامەکان ئاراستەی جەماوەرەکەم بکەم. | Fr. | 13 | 16 | 44 | 2.42 | 0.78 | 80.82 | لەگەڵیدام |
| | % | 17.81 | 21.92 | 60.27 | | | | |
| کۆی گشتی | Fr. | **150** | **246** | **188** | 2.07 | 0.73 | 68.84 | تاڕادەیەک |
| | % | **25.68** | **42.12** | **32.19** | | | | |

له خشتەی ژمارە (٤)دا ڕون دەبێتەوە؛ ڕێژەی دوبارەبونەوە، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمارەییە لادانی پێوانەی، گرنگی ڕێژەیی هەروەها ئەنجام لەسەر گۆڕاوی (کاریگەریی ویژدانی) کە پێکدێت لە (٨) پرسیار، بەرزترین (ناوەندە ژمارەیی) بریتییە لە (٢.٤٢) بۆ پرسیاری (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وای لێکردوم کە دڵنیا نەبم لە کاریگەریی پەیامەکان ئەگەر تەنیا لە ڕێگەی شاشەی کەناڵەکەمەوە پەیامەکان ئاراستەی جەماوەرەکەم بکەم) هەروەها (لادانی پێوانەی ) بریتییە لە (٠.٧٨) هەروەها (گرنگی ڕێژەیی) بریتییە لە (80.82%)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاوی (کاریگەریی ویژدانی) بەڕێژەی وەڵام دانەوەی (لەگەڵیدام) بریتییە (32.19%)، (تاڕادەیەک) بریتییە لە (42.12%) هەروەها (لەگەڵیدا نیم) بریتییە لە (25.68%) لە کاتیکدا بەشێوەیەکی گشتی گرنگی ڕێژەی دەکاتە (68.84%).

ئەمەش دەریدەخات کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەری لەسەر نێرەری کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان و بەرهەمهێنەرانی پرۆسەی ئامادەسازی هەواڵ دروستکردوە کە بۆ ئەوەی پەیامەکانیان کاریگەریی دروست بکات لەسەر وەرگر، پەیامەکان تەنیا لە ڕێگەی شاشەی کەناڵەکەوە ئاراستەی جەماوەر ناکەن بەڵکو پەنا بۆ تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەبەن بۆ بڵاوکردنەوەی هەمان پەیام، هەروەها ئەوەش ڕونبوەتەوە کە جەماوەری کەناڵەکان بەڕێژەیەکی زۆر لە ئێستادا بۆ وەرگرتنی زانیاری و پەیامەکان ڕاستەوخۆ پەنادەبەنە بەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، کە ئەمەش کاریگەریی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دەردەخات لەسەردەمی میدیای نوێدا بەراورد بە میدیای کلاسیک.

سێیەم: کاریگەریی ڕەفتاریی

## خشتەی (٥) کاریگەریی ڕەفتاریی

| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کاریگەریی ڕەفتاریی | لەگەڵیدا نیم | تاڕادەیەک | لەگەڵیدام | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی % | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Fr. | Fr. | Fr. | | | | |
| | % | % | % | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وایکردوە خۆم بە دووربگرم لە شێوازە کۆنەکانی سازاندنی هەواڵ. | 18 | 33 | 22 | 2.05 | 0.74 | 68.49 | تاڕادەیەک |
| | 24.66 | 45.21 | 30.14 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وایکردوە کە کەمتر پەنابەرمە بەر تەلەفزیۆن لە گواستنەوەی هەواڵ بە جەماوەر | 26 | 32 | 15 | 1.85 | 0.74 | 61.64 | تاڕادەیەک |
| | 35.62 | 43.84 | 20.55 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی پرۆسەی گەیاندنی هەواڵ بە جەماوەر خێراتر بکات | 2 | 11 | 60 | 2.79 | 0.47 | 93.15 | لەگەڵیدام |
| | 2.74 | 15.07 | 82.19 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وایکردوە کە هەوڵبدەم لە ڕێگەیەوە جەماوەرەی کەناڵەکەم دورنەکەونەوە لەپەیامەکان | 6 | 33 | 34 | 2.38 | 0.64 | 79.45 | لەگەڵیدام |
| | 8.22 | 45.21 | 46.58 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی ببێتە هۆکارێک بۆ ناسین و خواستی جەماوەرەکەی کەناڵەکە | 1 | 33 | 39 | 2.52 | 0.53 | 84.02 | لەگەڵیدام |
| | 1.37 | 45.21 | 53.42 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی ببێتە زیاتر هاندەرم لە وەرگرتنی فیدباکی جەماوەر بۆ کەناڵی تەلەفزیۆنی | 6 | 27 | 40 | 2.47 | 0.65 | 82.19 | لەگەڵیدام |
| | 8.22 | 36.99 | 54.79 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وایکردوە کە شێوەی برواهێنانی جەماوەر بە ناوەرۆکی هەواڵ و زانیارییەکانی کەناڵی تەلەفزیۆن بگۆڕم | 13 | 41 | 19 | 2.08 | 0.66 | 69.41 | تاڕادەیەک |
| | 17.81 | 56.16 | 26.03 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان وایلێکردوم کە چۆن بتوانم شێوەی تازە بگرمەبەر کە جەماوەر ناچاربکەم بە دیار شاشەی کەناڵەکەمەوە بمێننەوە. | 9 | 34 | 30 | 2.29 | 0.68 | 76.26 | تاڕادەیەک |
| | 12.33 | 46.58 | 41.10 | | | | |
| کۆی گشتی | 81 | 244 | 259 | 2.30 | 0.64 | 76.83 | تاڕادەیەک |
| | 13.87 | 41.78 | 44.35 | | | | |

له خشتەی(٥)دا ڕون دەبێتەوە ڕێژەی دوبارەبونەوە، ڕێژەی سەدی ناوەندی ژمارەییە لادانی پێوانەی، گرنگی ڕێژەیی هەروەها ئەنجام لەســەر گۆڕاوی (کاریگەریی ڕەفتاریی) کە پێک دێت لە (٨) پرســیار، بەرزترین (ناوەندە ژمارەیی) بریتییە لە (2.79) بۆ پرســـــیاری (تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی پرۆســـەی گەیاندنی هەواڵ بە جەماوەر خێراتر بکات) هەروەها (لادانی پێوانەیی ) بریتییە لە (0.47) هەروەها (گرنگی ڕێژەیی) بریتییە لە (93.15%)، بەڵام بەشـــێوەیەکی گشـــتی گۆڕاوی (کاریگەریی ڕەفتاریی) بەڕێژەی وەڵام دانەوەی (لەگەڵیدام) بریتییە (44.35%)، (تاڕادەیەک) بریتییە لە (41.78%) هەروەها (لەگەڵیدا نیم) بریتییە لە (13.87%) لە کاتیکدا بەشـــێوەیەکی گشـــتی گرنگی ڕێژەی دەکاتە (76.83%).

بەپێی ئەم ئەنجامەش دەردەکەوێت کە ڕێژەی زۆری بەرتوێژەکان لەم توێژینەوەیەدا پێیان وایە کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان توانیویەتی پرۆســـەی گەیاندنی هەواڵ بە جەماوەر خێراتر بکات، هەروەها لەو ڕێگەیەوە جەماوەر بایەخی زیاتر بە کەناڵەکە بدەن و لە شاشەکە دورنەکەونەوە، هەروەها خواستی جەماوەرەکەی بزانێت و فیدباکیان وەربگرێت، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە کەناڵی تەلەفزیۆنی لەســـەردەمی میدیای بینیراودا هەوڵیداوە بۆ گواســـتنەوەی هەواڵ و زانیاریی خۆی لەگەڵ تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان بگونجێنێت و لەو ڕێگەیەوە کەناڵەکەی پێ بەهێز بکات.

## تەوەری سێیەم: پەیوەندی نێوان تەلەفزیۆن(میدیای بینراو) و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان

خشتەی (٦) پەیوەندی نێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و میدیای بینراو

| پەیوەندی نێوان تەلەفزیۆن (میدیای بینراو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان | نەخێر | تاڕادەیەک | بەڵێ | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی % | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | Fr. | Fr. | Fr. | | | | |
| | % | % | % | | | | |
| ئایا ئەو زانیاریانەی لە کەناڵی تەلەفزیۆنیەوە پەخش دەکرێت بەهەمان زانیاریی و ناوەڕۆک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە | 15 | 48 | 10 | 1.93 | 0.59 | 64.38 | تاڕادەیەک |
| | 20.55 | 65.75 | 13.7 | | | | |
| ئایا بەکارهێنان و بەشدارییکردنی تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بووەتە هۆکارێک بۆ زیادکردنی ڕۆڵ و گەشەکردنی (کەناڵی تەلەفزیۆن) میدیای بینراو | 28 | 42 | 3 | 1.66 | 0.56 | 55.25 | تاڕادەیەک |
| | 38.36 | 57.53 | 4.11 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بوونەتە جێگرەوەی میدیای بینراو | 11 | 58 | 4 | 1.90 | 0.45 | 63.47 | تاڕادەیەک |
| | 15.07 | 79.45 | 5.48 | | | | |
| **کۆی گشتی** | **54** | **148** | **17** | 1.83 | 0.53 | 61.04 | تاڕادەیەک |
| | **24.66** | **67.58** | **7.76** | | | | |

لە خشتەی ژمارە (٦)دا ڕون دەبێتەوە ڕێژەی دوبارەبونەوە، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمارەییە لادانی پێوانەی، گرنگی ڕێژەیی هەروەها ئەنجام لەسەر گۆڕاوی (پەیوەندی نێوان تەلەفزیۆن(میدیای بینراو) و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) کە پێکدێت لە (٣) پرسیار، بەرزترین (ناوەندە ژمارەیی) بریتییە لە (1.93) بۆ پرسیاری (ئایا ئەو زانیاریانەی لە کەناڵی تەلەفزیۆنیەوە پەخش دەکرێت بەهەمان زانیاریی و ناوەڕۆک لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بڵاودەکرێنەوە) هەروەها (لادانی پێوانەی) بریتییە لە (0.59) هەروەها (گرنگی ڕێژەیی) بریتییە لە (64.38%)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاوی (پەیوەندی نێوان تەلەفزیۆن(میدیای بینراو) و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان) بەڕێژەی وەڵامدانەوەی (بەڵێ) بریتییە (7.76%)، (تاڕادەیەک) بریتییە لە (67.58%) هەروەها (نەخێر) بریتییە لە (24.66%) لە کاتێکدا بەشێوەیەکی گشتی گرنگی ڕێژەی دەکاتە (61.04%).

بەپێی ئەنجامی وەڵامی زۆرینەی بەرتوێژان بۆ جۆری ئەو پەیوەندییەی کە لەنێوان تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و کەناڵی تەلەفزیۆنیدا هەیە، دەردەکەوێت کە هەمان ئەو زانیارییانەی کە لە کەناڵی

تەلەفزیۆنییەوە پەخش دەکرێت بەهەمان ناوەڕۆک و زانیاری لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیش دەگوازرێتەوە، هەروەها تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان بونەتە هۆکاری گەشەکردنی کەناڵی تەلەفزیۆنی و تاراداریەکیش بونەتە جێگرەوەی میدیای بینراو. ئەم ئەنجامەش ئەوە دەردەخات کە کەناڵە ئاسمانییەکان، تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانیان بۆ گەشەکردنی خۆیان بەکارهێناوە، بەڵام ئەو خەسڵەت و تایبەتمەندییانەی کە لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکاندا هەیە بۆ وەرگرتنی هەواڵ و زانیاریی هەوڵدەدا ببێتە جێگرەوەی میدیای بینراوە لە داهاتودا وەک چۆن ڕۆژنامەی چاپکراو لەدوای هاتنی ڕۆژنامەی ئەلیکترۆنی ڕۆڵ و کاریگەرییەکەی لاوازبو.

## تەوەری چوارەم: پەیوەندی نێوان کەناڵی ڕوداو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و لە پرۆسەی هەواڵسازیدا

### خشتەی (٧) پەیوەندی کەناڵی ڕوداو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسەی هەواڵسازی

| پەیوەندی کەناڵی ڕوداو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسەی هەواڵسازی | لەگەڵیدا نیم Fr. % | تاڕادەیەک Fr. % | لەگەڵیدام Fr. % | ناوەندە ژمارەیی | لادانی پێوانەی | گرنگی ڕێژەیی % | ئەنجام |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| بەکارهێنانی تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وەک سەرچاوە لە ئامادەکردنی هەواڵەکانی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکان بوەتە پێویستیەکی گەورە؟ | 4<br>5.48 | 31<br>42.47 | 38<br>52.05 | 2.47 | 0.60 | 82.19 | لەگەڵیدام |
| پەیوەندی نێوان تۆرە کۆمەڵایەتییەکان وکەناڵە تەلەفیزیۆنییەکان تەواوکاریە. | 2<br>2.74 | 29<br>39.73 | 42<br>57.53 | 2.55 | 0.55 | 84.93 | لەگەڵیدام |
| لە پەیوەندی نێوان کەناڵەکانی تەلەفیزیۆن و تۆرە کۆمەڵایەتییەکان سومەندی گەورە تەلەفیزیۆنەکانن لە کاری هەواڵسازی. | 2<br>2.74 | 33<br>45.21 | 38<br>52.05 | 2.49 | 0.56 | 83.11 | لەگەڵیدام |
| کەناڵی ڕوداو تۆرە کۆمەڵایەتییەکانی کردوە بە ڕێگایەک بۆ گەیاندن و ئاراستەکردنی پەیامەکانی بەشێوەیەکی کاریگەرتر. | 0<br>0.00 | 13<br>17.81 | 60<br>82.19 | 2.82 | 0.39 | 94.06 | لەگەڵیدام |
| تۆرە کۆمەڵاکەتییەکان لە کەناڵی ڕوداوپشتیان پێدەبەسترێت لە پرۆسەی بەرهەم هێنانی هەواڵدا. | 5<br>6.85 | 30<br>41.10 | 38<br>52.05 | 2.45 | 0.62 | 81.74 | لەگەڵیدام |
| نێرەرانی پەیام لە کەناڵی ڕوداو لە ڕێگەی تۆرە کۆمەڵایەتییەکانەوە ڕادەی کاریگەریی و فیدباکی وەرگر بۆ پەیامەکان دەستنیشان دەکەن. | 3<br>4.11 | 34<br>46.58 | 36<br>49.32 | 2.45 | 0.58 | 81.74 | لەگەڵیدام |
| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان لە کەناڵی ڕوداو بوە بە سەرچاوەیەکی گرنگی درکپێکردن ودەستنیشانکردنی هەواڵە گرنگەکانی نێو گەشتەکانی هەواڵ. | 5<br>6.85 | 27<br>36.99 | 41<br>56.16 | 2.49 | 0.63 | 83.11 | لەگەڵیدام |
| تۆرە کۆمەڵایەتییەکان جێگەی بایەخ نین جگە لە دەنگدانەوەی کارو کردەوەی ئێمە و پێشکەوتن ودواکەوتنیان بەندە بە ئێمەوە. | 34<br>46.58 | 27<br>36.99 | 12<br>16.44 | 1.70 | 0.74 | 56.62 | تاڕادەیەک |
| | 39 | 22 | 12 | 1.63 | 0.75 | 54.34 | تاڕادەیەک |

| | | | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی نەرێنیان بینیوە لە کەمکردنەوەی متمانە بە ناوەڕۆکی بابەت و گەشتی هەواڵەکانمان. | 53.42 | 30.14 | 16.44 | | | | |
| تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان هۆکارن بۆ سەرقاڵکردنی کارمەندانی ژوری هەواڵ ودواکەوتنی ڕاپەڕاندنی کارەکان | 37 | 24 | 12 | 1.66 | 0.75 | 55.25 | تاڕادەیەک |
| | 50.68 | 32.88 | 16.44 | | | | |
| کەناڵی ڕوداو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان تەنیا وەک ئامرازێک بۆ دروستکردنی کاریگەریی پەیامەکانی بەکاردەهێنێت و نەکراوە بە بەدیلی شاشەی کەناڵەکە | 16 | 23 | 34 | 2.25 | 0.80 | 74.89 | تاڕادەیەک |
| | 21.92 | 31.51 | 46.58 | | | | |
| کۆی گشتی | 147 | 293 | 363 | 2.27 | 0.63 | 75.63 | تاڕادەیەک |
| | 18.31 | 36.49 | 45.21 | | | | |

لە خشتەی ژمارە (٧)دا ڕون دەبێتەوە ڕێژەی دوبارەبونەوە، ڕێژەی سەدی، ناوەندی ژمارەییە لادانی پێوانەی، گرنگی ڕێژەیی هەروەها ئەنجام لەسەر گۆڕاوی (پەیوەندی کەناڵی ڕوداو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسەی هەواڵسازی) کە پێکدێت لە (11) پرسیار، بەرزترین (ناوەندە ژمارەیی) بریتییە لە (2.82) بۆ پرسیاری (کەناڵی ڕوداو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کردوە بە ڕێگایەک بۆ گەیاندن و ئاراستەکردنی پەیامەکانی بەشێوەیەکی کاریگەرتر) هەروەها (لادانی پێوانەی) بریتییە لە (0.62) هەروەها (گرنگی ڕێژەیی) بریتییە لە (94.06%)، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی گۆڕاوی (پەیوەندی کەناڵی ڕوداو و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و پرۆسەی هەواڵسازی) بەڕێژەی وەڵام دانەوەی (لەگەڵیدام) بریتییە (45.21%)، (تاڕادەیەک) بریتییە لە (36.49%) هەروەها (لەگەڵیدا نیم) بریتییە لە (18.31%) لە کاتێکدا بەشێوەیەکی گشتی گرنگی ڕێژەی دەکاتە (75.63%).

بەپێی ئەو ئەنجامە ئەوە ڕون دەبێتەوە کە زۆرینەی میدیاکارانی کەناڵی ڕوداو لە ژوری هەواڵ کە بەرتوێژەکانی ئەم توێژینەوەیەن پێیان وایە کە کەناڵی ڕوداو تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی کردوە بە ڕێگایەک بۆ گەیاندن و ئاراستەکردنی پەیامەکانی بە شێوەیەکی کاریگەرتر، بەمەش دەردەکەوێت کە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی ڕاستەوخۆیان لەسەر میدیای بینراو هەیە بۆ دروستبونی کاریگەریی پەیامەکانیان لای وەرگر.

## دەرەنجام:

١- بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەلایەن میدیای بینراوەكانی هەرێمی كوردستان بۆتە هۆكاری دروستكردنی كاریگەریی بەتایبەت لە پرۆسەی بەرهەمهێنان و گواستنەوەی هەواڵدا و پشكێكی گەورەیان بەردەكەوێت بۆ بەكارهێنان لە ژوری هەواڵی كەناڵە ئاسمانییەكان.

٢- لەسەر نێرەرانی كەناڵە تەلەفزیۆنییەكانی هەرێمی كوردستان بۆ ئەوەی كاریگەریی (مەعریفی و سۆزداری و ڕەفتاریی) لەسەر وەرگرەكانیان دروستبكەن پەنایان بردوە بۆ بەكارهێنانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان.

٣-زۆری بڵاوبونەوەی وێنە و ڤیدیۆ بەشێوەیەكی خێرا لەلایەن بەكارهێنەرانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە هەرێمی كوردستان وایكردوە كە نێرەرانی كەناڵە ئاسمانییەكان (میدیای بینراو) لە هەرێمی كوردستان تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بكەن بە یەكێك لە سەرچاوەكانی دەستكەوتنی هەواڵ و زانیاری نوێ.

٤- میدیای بینراو لە هەرێمی كوردستان كێبركێی لەگەڵ تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان دەكات و هەوڵیداوە خۆی لەگەڵیدا بگونجێنێت بۆ گەشەكردن و هێشتنەوەی كاریگەرییەكەی.

٥- كەناڵە ئاسمانییەكان لە هەرێمی كوردستان هەمان ئەو زانیارییانەی كە لە شاشەوە پەخش دەكەن بەهەمان ناوەڕۆك و زانیاری بە تەكنیكی جیاواز لە چەند كاتێكی جیاوازدا لە پلاتفۆرمەكانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكانیش بڵاوی دەكەنەوە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو پەیوەندییە ڕاستەوانە بەهێزەی كە لە نێوانیاندا هەیە.

٦- میدیا بینراوەكان لە هەرێمی كوردستان بۆ زانینی ئاستی كاریگەریی و وەرگرتنەوەی فیدیباك بە شێوەیەكی ڕاستەوخۆ پەیامەكانیان لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بۆ وەرگرەكانیان دەگوازنەوە.

٧- میدیای بینراو لە هەرێمی كوردستان هەوڵی مانەوەی خۆیدەدات لەسەردەمی گەشەكردن و بڵاوبونەوەی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان، بەڵام تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان هەوڵدەدەن ببنە جێگرەوەی میدیا بینراو و ڕۆڵ و كاریگەرییەكەی لاواز بكەن بەهۆی بونی زۆری ژمارەی بەكارهێنەرانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لەڕێگەی ئامێرە زیرەكاكانی وەك سمارت فۆن.

## راسپاردەكانی توێژینەوە:

١- كەناڵە ئاسمانییەكان لە هەرێمی كوردستان خولی ئەكادیمی و گەشەپێدان لە بواری بەكارهێنان و چۆنیەتی سودوەرگرتن لە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بۆ ڕۆژنامەنوس و كارمەندانی ژوری هەواڵ بكەنەوە.

٢-كەناڵە ئاسمانییەكان لە هەرێمی كوردستان گرنگی بە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بدەن و بیانكەن بە سەرچاوە و سودی لێوەربگرن بۆ دروستكردنی كاریگەریی زیاتری پەیامەكانیان لای وەرگر.

٣- وەزارەتی خوێندنی باڵا و زانكۆكانی هەرێمی كوردستان كاربكەن بۆ كردنەوەی ناوەندێكی زانستی بۆ ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر ڕۆڵ و گرنگی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان.

٤-بەشـەكانی ڕاگەیاندن لە زانكۆ و پەیمانگاكانی هەرێمی كوردسـتان بایەخی زیاتر بدەن بە خوێندنی وانەكانی تـایبەت بە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكـان بۆ بەرزكردنەوەی توانســـتی دەرچووەكـان لە بواری بەكـارهێنـانی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان.

## پێشنیازەكانی توێژینەوە:

لەبەر ڕۆشنایی ئەنجامەكانی ئەم توێژینەوەیە، توێژەر چەند پێشنیازێكی زانستی دەخاتەڕو:

١-ئەنجامدانی توێژینەوەیەكی زانســـتی لەبارەی (پشـــتبەســـتنی نێرەرانی كەناڵە تەلەفزیۆنییەكان بە تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان بۆ ڕوماڵی ڕاستەوخۆی گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەكان).

٢- ئەنجامدانی توێژیینەوەیەكی زانستی لەسەر (ڕۆڵی تۆڕە كۆمەڵایەتییەكان لە بەرهەمهێنانی هەواڵ لە میدیای كلاسیك).

٣- ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەبارەی (كاریگەری بەكارهێنانی ئەپلیكەیشـــنە نوێیەكانی بەرهەمهێنانی هەواڵ لەسەر ئایندەی میدیای كلاسیك).

٤. ئەنجامدانی توێژینەوەیەك لەبارەی ڕۆڵی (تەكنەلۆجیای نوێی میدیا لەسەر ژینگەی بەرهەمهێنانی میدیایی).

# The effects of social media on visual media in news transmission Rudaw channel as an example

**Karmand Abbas Homer[1] - Hakim Osman Hamid[2]**

[1]Media Department, Humanaties College, Slemani University, Slemani, Kurdistan regional government, Iraq.

[2]Technical Media Department, Technical Administration College, Polytechnic University of Slemani, Slemani, Kurdistan regional government, Iraq.

**Abstracts:**

This research has attempted to address the influence of social networks on news and information transmission by considering the knowledge of the nature of the relationship between social networks and visual media. This research is important for the Kurdistan Region. It gives television channels a clear view of how to deal when using social networks, and to take the appropriate scientific approach towards developing and creating effects when transferring news and information to their recipients. The type of research is descriptive and done through a survey method. The research's objectives are based on the conducted surveys. The community of this research is the Kurdistan Regional Government's news channel. The sample for this research includes a comprehensive mass of all journalists involved in the process of preparing and producing news on the Rudaw channel. One of the most important conclusions that the researcher has come to is that social networks have an impact on visual media in the process of producing and transmitting news - and this impact is direct: it has created an impact on knowledge, affection, and behavior of visual media messengers. At the same time, social networks have become an important source of news and information for television channels. Social networks have become a reason for the further development of television channels. Television channels are trying to become compatible with social networks, not to let social networks become a reason for their weakness, particularly in transmitting information to recipients.

**Keywords:** Influence, Social Networks, Broadcast Media(television), News, Rudaw.

## سەرچاوەکان:


Acholonu, Regina (2014) Techniques of Television News writing and Production, https://cutt.us/64xv4, ResearchGate´, the article was published.

Banning, Stephen A. & Sweetse, Kaye D (2007) (How Much Do they think it affects them and Whom Do They Believe?: Comparing the Third-Person Effect and Credibility of Blogs and Traditional Media). Communication Quarterly, Volume 55, No.4.

DeMars, Tony R. Local market radio programming an operations in a new media world. New media in a global society. Edited by John Allen Hendricks in the twenty first century media industry, economic and managerial implication in the age of new media.

Jo, Samsup (2005) the effect of online media credibility on trust relationships (Ph. D., University of Florida) is an assistant professor, department pf public relations & advertising, division of communication, Sookmyung Women's University, journal of website promotion, Vol. 1(2),.

Kemp, Simon. Digital 2022 Iraq, https://datareportal.com/reports/digital-2022-iraq, (Accessed date: 21/7/2022).

Kim, Daekyung. (Abandoning traditional news? examining factors influencing the displacement effects of online news on traditional news media). B. A. Dong-A University (Busan, Korea), 1995, M. A. Dong-A University (Busan, Korea), 1998. A dissertation submitted in partial fulfillment of the requirements for the doctor of philosophy degree school of journalism in the graduate school southern Illinois University Carbondale, December 2006.

Mohsin, Maryam. 10 Facebook Statistics Every Marketer Should Know In [Infographic], Oberlo, (25 Jan, 2021). https://bit.ly/3e9Oyj7

Nations, Daniel(Accessed date 12/9/2021). What Is Social Media?, https://www.lifewire.com/what-is-social-media-explaining-the-big-trend-3486616.

Payne, Gregg A. (2001) Newspapers and the internet: a comparative assessment of news credibility. Paper presented to the newspaper division, association for education in journalism and mass communication conference annual convention Washington D.C. University of California.

Sidelow, Faith Michele (2008) Consumption of news among various age groups: traditional media versus new media,.

statista, Most popular social networks worldwide as of (January 2022) ranked by number of monthly active users https://www.statista.com/statistics/272014/global-social-networks-ranked-by-number-of-users/, (Accessed date: 21/7/2022).

Techterms. Instagram Definition, (https://techterms.com/definition/instagram), Accessed Date (25/5/2021).

Thomas J. Johnson and Others, (2003) "the world web of sports: a path model examining how online gratifications and reliance predict credibility of online sports information". Paper presented to the communication theory and methodology division of the association for education in journalism & mass communication, Kansas City, Mo, Southern Ilinois University.

Watt and others (2003) draft-not for citation without permission credibility of internet and other media as sources of information about the Iraqi war.

أبو عيشة، فيصل (٢٠١٠) الاعلام الالكتروني، (عمان: بدون اسم المطبعة،).

البرغوثي و النبهاني. بشير شريف، يعقوب خاليد (٢٠٠٤) النظام الاعلامي الجديد، (عمان: دار الروي للنشر والتوزيع، ط٢).

بروكس و گوپتا. هيوغ، راڤى (٢٠١٧) وسائل التواصل الاجتماعي وتأثيرها على المجتمع، ترجمة: عاصم سيد عبدالفتاح، (القاهرة، المجموعة العربية للتدريب والنشر،).

بێ نوســـەر، چەند ڕوانگەیەک بۆ تێگەیشـــتن لە میدیای نوێ، https://epunewmedia.wordpress.com/2018/02/03/ چەند-ڕوانگەیەک-بۆ-تێگەیشتن-لە-میدیای-ن /، (ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢١/٩/١٨).

جادين، نجلاء حمدان رحمة اللة (٢٠١٨) المعالجة الإخبارية لقضـــية الإرهاب في القنوات الفضـــائية في ٢٠١٧، (الســـودان: جامعة السودان للعلوم و التكنلوجيا العليا، أطروحة دكتوراه منشورة،).

جرين، موري. ترجمة حمدي قنديل واحمد سعيد (١٩٧٢) اخبار التلفزيون بين التحليل والتنفيذ، (قاهرة: مكتبة النهضة العربية،).

جواد، عبدالستار (٢٠٠١) فن كتابة الاخبار، عرض الشامل للقوالب الصحفية واساليب التحرير الحديثة، (عمان: دار مجدلاوي للنشر والتوزيع، ، طبعة الثانية).

حسام الدين، مصعب. ثورات الفيس بوك (٢٠١٤) (بيروت: شركة المطبوعات للتوزيع والنشر).

الحطامي، عبد الباسط محمد(٢٠١٥) مقدمة في الاذاعة والتلفزيون، (عمان: دار اسامة للنشروالتوزيع،).

خليفة، إيهاب (٢٠١٦) حروب مواقع التواصل الاجتماعي، (القاهرة، العربي للنشر والتوزيع).

زطة، سليم بن (٢٠١٤) إشكالية تكامل النظامين اللغوي والبصري في الخبر التلفزيوني، دراسة تحليلية سيميولوجية على عينة من الأخبار، (الجزائر: جامعة الجزائر، كلية علوم الإعلام والأتصال، قسم الأتصال، رسالة ماجيستير منشورة).

السراج، د.حديد الطيب (٢٠٠٥) إنتـاج البرامـج بالإذاعــة والتلفـزيـون، (مجلة جامعة القرآن الكريم والعلوم الإسلامية، العـدد١١).

شلبية، محمود. الاخبار والتقارير الاخبارية للإذاعة والتلفزيون، (عمان: مجموعة محاضرات القيت على طلبة ماجستير للاعلام جامعة في الشرق الأوسط).

شيخانى، الدكتورة سميرة (٢٠١٧) الاعلام الجديد في عصر المعلومات، (مجلة جامعة دمشق، مجلد ٢٦، العدد ١+٢، ٢٠١٠).

الصادق، بشرى إكرام. السياسة التحريرية وإنعكاساتها على الإنتاج الأخباري، دراسة تحليلية على إذاعة أمدرمان القومية (٢٠١٦ – ٢٠١٣م، (الســـودان: جامعة الســـودان للعلوم و التكنولوجيا، كلية الدراســـات العليا، تخصـــص إذاعة وتلفزيون، أطروحة دكتوراة منشورة).

صادق، عباس مصطفى (٢٠٠٨) الاعلام الجديد – مفاهيم والوسائل والتطبيقات، (عمان: دار الشروق للنشر والتوزيع،).

الصيفي، حسن نيازي (٢٠٢٠) وسائل الإعلان ونقاط الاتصال، (مصر، افاق علمية وتربوية).

العبد، نهى عاطف (٢٠٠٧) صناعة الأخبار التلفزيونية في عصر لبث الفضائي، (القاهرة،: دار الفكر العربي،الطبعة الأولى).

عقيلة، عبد المحسن حامد احمد (٢٠١٥) الاعلام الجديد وعصر التدفق الاخباري، (المنصورة: المكتبة العصرية،).

علي، علاء أحمد (ڕێکەوتی سەردان: ٢٠٢١/٩/١٢) معنى سوشيال ميديا، https://mawdoo3.com/ معنى_سوشيال_ميديا.

العماري، الصديق الصادقي(٢٠١٥) دور وسائل التواصل الاجتماعي في تعزيز قيم المواطنة، (مجلة مركز السلطان قابوس العالي للثقافة والعلوم، ١٩ فبراير).

العوض، عاصم محمد (2019) التجهيزات الفنية و التقنية للخبر التلفزيوني الدرامي، (السودان، جامعة السودان للعلوم و التكلوجيا، مجلة العلوم الإنسانية، العدد 20، المجلد: 10).

العوض، محمد. الله، داعة (٢٠٢٠) مواقع التواصل الاجتماعي وقضايا الشباب الجامعي، (عمان: دار الخليج للنشر والتوزيع).

غنيم، ريهام عاصصم (٢٠١٥) اليوتيوب في الاستشهاد المرجعي بالإنتاج العلمي الأكاديمي- دراسة تحليلية، (جامعة المنوفية، كلية الآداب، منشورة في المجلة الدولية لعلوم المكتبات والمعلومات، مجلد٢، عدد٣، سبتمبر).

كافي، مصطفى يوسف (٢٠١٦) الإعلام التفاعلي، عمان، دار الحامد للنشر والتوزيع.

مركز المحتسب للاستشارات (٢٠١٧) دور مواقع التواصل الاجتماعي في الاحتساب- تويتر نموذجا، (السعودية، دار المحتسب للنشر والتوزيع).

المقدادي، خالد غسان يوسف (٢٠١٣) ثورة الشبكات الاجتماعية، (عمان: دار النفائس للنشر والتوزيع،).

نومار، مريم نريمان (٢٠١٢) استخدام مواقع شبكات الإجتماعية وتأثير فى العلاقات الإجتماعية، (جزائير، جامعة حاج الخضر، كلية الاعلام والاتصال، رسالة ماجستر غير منشور).

هتيمي، حسين محمود (٢٠١٥) العلاقات العامة وشبكات التواصل الاجتماعي، (الاردن: عمان، دار اسامة للنشر والتوزيع، ، الطبعة الاولى).

ئیبراهیم، عەبدولخالق (٢٠١٤) میدیای کوردی لە سەردەمی ئاسمانە کراوەکاندا، (هەولێر: چاپخانەی موکریان،).

## پەراوێز

[i] وێب ٢.٠٠: سەکۆیەکی تەکنیکیی بنەڕەتیی تۆڕەکانی ڕاگەیاندنی کۆمەڵایەتییە، چەمکێکی تەکنۆلۆجیاییە و ئاماژەیە بۆ کارلێک و وەڵامدانەوەی خێرا، هەروەها گوزارشتە لە ئاسانیی بەکارهێنان و هەماهەنگی، بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٩ لەلایەن ئەکادیمیست و پسپۆڕی ئایتی: دارسی دینوچی ( Darcy DiNucci) بەکارهێنرا.

[ii] کۆمەڵگەی خەیاڵیی (Virtual Communities)، ئەم گوزارشتە بەکاردێت بۆ ئەو دۆخەی کە تیایدا بە بەکارهێنانی ئامرازەکانی ئینتەرنێت تاکەکان بەریەک دەکەون و پەیوەندی پێکەوە دەکەن، لەو کۆمەڵگەیەدا سنورە جوگرافی و سیاسی و کلتورییەکان دەبەزێت، یەکێک لە دیارترینی جۆرەکانی ئەو کۆمەڵگەیە بریتییە لە تۆڕەکانی کۆمەڵایەتی.